# جۆرج لۆکاچ کێیە؟

جۆرج لیختنهایم



لۆکاچ ساڵی 1885 لە شاری «پۆدابێست»ی پایتەختی هەنگاریا لەدایکبووە، ساڵی 1909 بڕوانامەی دکتۆرای لە فەلسەفەدا بەدەستهێناوە. پاشان دەستیکرد بە چەند گەشتێک و سەردانی وڵاتانی وەک ئیتاڵیا و ئەڵمانیای کرد. پاش ئەوەی ماوەیەک لە دامەزراوە ئەکادیمییەکانی بەرلیندا مایەوە، ساڵی 1913 ڕوویکردە شاری هایدلبێرگ، ئیدی لەوێ نزیکبووەوە لە بازنە فکرییەکانی کۆمەڵناسی ئەڵمانی (ماکس ڤێبەر) و هاوڕێیەتییەکی بەتینی لەگەڵ بیرمەندگەلێکدا دروستکرد، لە نموونەی فەیلەسوفی مارکسیستی (ئێرنست بلوخ). ساڵی 1918 لۆکاچ پەیوەنیی بە پارتی کۆمۆنیستی هەنگارییەوە کرد، پاشان لە حکومەتە شۆڕشگێڕییەکەی هەنگاریا بە سەرۆکایەتی (بیلا کۆن) پۆستی کۆمیسیاری دەوڵەت بۆ کاروباری ڕۆشنبیری وەرگرت. پاش لەسەرکارلادانی ئەم حکومەتە ڕوویکردە شاری ڤییەنا. لەوێوە جاربەجارێک لە ڕێگەی قاچاغەوە ڕووی دەکردەوە هەنگاریا و بەشداربوو لە کارکردن لە پەیمانگای (مارکس-ئەنگڵس-لینین) لە مۆسکۆ، پاشان ڕوویکردە بەرلین و ماوەیەکی درێژ لەوێ نیشتەجێبوو. لە ماوەی نێوان ساڵانی 1933 بۆ 1944 لە ئەکادیمیای زانستەکان لە مۆسکۆ کاریکردووە. دوای گەڕانەوەشی لە هەنگاریا بووە ئەندامی پەرلەمان و ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی ئەکادیمیای زانستەکانی هەنگاریا، هەروەک چۆن کورسیی مامۆستایەتیی ئیستاتیکا و فەلسەفەی شارستانیەتی بەدەستهێنا لە زانکۆی پۆدابێست.

ساڵی 1956 بەشداریکردووە لە شۆڕشی هەنگاریا و پۆستی وەزارەتی ڕۆشنبیریی وەرگرتووە لە حکومەتەکەی (ئێمری ناجی)دا. پاش ڕووخانی سیستەمی فەرمانڕەوایی نوێ کۆچیکرد بۆ ڕۆمانیا، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم توانی بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی لە پۆدابێست، ئیدی لەو کاتەوە خۆی تەرخانکرد بۆ کارە زانستییەکانی. دواجار لۆکاچ لە هاوینی ساڵی 1971دا کۆچی دوایی کرد.

وێڕای هەموو هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ شکاندنی ئەو گەمارۆی مارکسیزمە ئەرتەدۆکسییەی مۆسکۆ بەرگریی لێدەکرد، بەڵام تا کۆتایی ژیانی وەک مارکسیستێک مایەوە. هاوکات لە نووسینەکانیشیدا دەربارەی تیۆری ئەدەبی، لۆکاچ ئەو بیرمەندە بوو کە ئیلهامی لە مارکس و هیگڵ وەردەگرت. ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە ژیان و کارەکانی لۆکاچ پەیوەندییەکی بەتینیان پێکەوە هەبووە. ساڵانی 1902 تا 1917ی بەتەواوی تەرخانکردبوو بۆ ئەدەب و ئیستاتیکا، لەو دەمەی کارکردنی لە خەباتی سیاسییدا و گرنگیپێدانە سیاسییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1918-1925. لە ساڵانی 1929-1931یشدا بەردەوام سەرقاڵی کاری ڕێکخراوەیی بووە. بەڵام دواتر لە ساڵی 1931دا گەڕایەوە بۆ بابەتە ئەدەبی و ئیستاتیکییەکان، بەبێ ئەوەی پێی لە سیاسەت و کۆمەڵناسی دابڕێت.

سەرقاڵییە تایبەتەکانی لۆکاچ لە دوای ساڵی 1917وە دەستیپێکرد، ئەوەش لە وڵاتی هەنگاریا و لە چوارچێوەی بازنەیەکی فراوانتری بزاڤی کۆمۆنیستییدا، کە سەریکێشا بۆ دەرکەوتنی دەستە و کۆمەڵە و دیبەیتی چەند بەرەیی، کە لای لۆکاچ گرنگییەکی گەورەی هەبوو، ئەوەی بەڵگەیە لەسەر ئەمە، تێبینییەکانیەتی لەناو ژیاننامەی خۆی و ئەو پێشەکییانەی لە ساڵانی کۆتایی تەمەنییدا بۆ بەرهەمەکانی خۆی نووسیونی کە دەزگا خۆرئاواییەکان بڵاویاندەکردەوە. لە هەندێک باردا هەڵێکی قۆستۆتەوە بۆ پێداچوونەوە بە بڕیارەکانی پێشوویدا، لەو دەمەی لە چەند حاڵەتێکی دیکەدا گۆڕانکارییەکانی فەزای سیاسیی قۆستۆتەوە بۆ نکۆڵیکردن لە خواستەکانی گونجاندن لەگەڵ ئەو ئەرتەدۆکسیزمەی لە سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوودا لە خۆرهەڵاتی ئەوروپا زاڵ بوو، بەشێک لەوانەی بە تاکتیک وەسفکرد. بەشێک لەم مانۆڕانەی لە پێشەکیی بەرگی دووەمی کتێبەکانیدا ئاماژە پێداوە کە ساڵی 1967 بڵاوبووەوە، وەک بەشێک لە کۆبەرهەمەکانی بڵاوکەرەوەی ئەڵمانیای خۆرئاوایی. هەر لەو بەشەدا لێکۆڵینەوە بەناوبانگەکەی لۆکاچ بڵاوکراوەتەوە بە



**ئەوەی لۆکاچ بۆ کۆمۆنیزمی کرد، هاوشێوە بوو لەگەڵ ئەوەی هاوسەردەمەکەی خۆی (ئۆزڤاڵد شپینگلەر) بۆ فاشیزم دەیکرد**

ناونیشانی (مێژوو و هۆشیاریی چینایەتی - History and class Consciousness)، کە بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە لە ساڵی 1923دا بووە مایەی ناکۆکی و ململانێ لەنێوان لۆکاچ و [مارکسیزمی ئەرتەدۆکسی سۆڤیەتیی تازەدەرکەوتوو. ساڵی 1967 لە پێشەکیی کتێبێکیدا نکۆڵی لەو هەڵوێستە فەلسەفییانەی خۆی دەکات کە دەگەڕێنەوە بۆ پێش دەرکەوتنی لینینیزم، هەروەها دەبینین لۆکاچ لەو قۆناغەدا بەشێک بووە لە دەرخەری ناکۆکییە ڕێکخراوەییە جیاجیاکان و هەوڵیدەدا ئەگەر بە شێوەیەکی درەنگوەختیش بێت، بۆچوونە سیاسییە دیاریکراوەکانی خۆی دەربخات، کە دەوروبەری ساڵی 1928 دەریبڕیبوون. پاشان بە ڕوونی وەسفی ئەو تاکە ڕەخنە خودییە دەکات کە دوای ئەوە بە ماوەیەکی کورت بڵاوکرایەوە، کاتێک ڕووبەڕووی مەترسیی دەرکردن بووەوە لە پارتی کۆمۆنیست، ڕایگەیاند کە تاکتیکی و ناجدییە. (جێگەی ئاماژەپێدانە کە بەهۆی بەشدارییەکی کورتییەوە لە ساڵی 1956 و لە هەوڵێکی ناکامدا لەپێناو بەخشینی سیفەتێکی دیموکراسی بە حکومەتی هەنگاریا، ڕووبەڕووی هەمان چارەنووس بووەوە). لە دەوروبەری ساڵانی 1930-1931 لۆکاچ لە پەیمانگای مارکس-ئەنگڵس لە مۆسکۆ کاریکردووە و ڕۆڵێکی دیاری بینیوە لە ژیانی ئەدەبیی پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانیی لە بەرلین لەنێوان هەردوو ساڵی 1931-1933، پاشان ساڵی 1933 پەیوەندیکردووە بە پەیمانگای فەلسەفەی سەر بە ئەکادیمیای مۆسکۆ بۆ زانستکان، ئیدی تا ساڵی 1944 لەوێ مایەوە، کە یارمەتیدەر بوو بۆ ئامادەکردن و ئیدیتی بابەتە ئەدەبییەکان، بەڵام لەگەڵ هاتنی سوپای ڕووسییدا گەڕایەوە بۆ هەنگاریا. لۆکاچ لەو ماوەیەی کە وەک مامۆستای ئیستاتیکا و فەلسەفەی شارستانێتی لە پەیمانگای ماتیاس ڕاکۆسی لە پۆدابێست وانەی دەگوتەوە، ڕووبەڕووی هێرشی ستالینیستییە پەڕگیرەکان بووەوە، ئیدی وردەوردە لە ژیان و چالاکییە حزبییەکان کشایەوە. بەڵام جارێکی دیکە پاش شادی و خۆشییەکانی دوای پاشەکشەی ستالین لە ساڵی 1953 و لە میانەی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر-نۆڤەمبەری ساڵی 1956 گەڕایەوە و بووە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزب و وەزیری پەروەردە و ڕۆشنبیری لە حکومەتەکەی (ئیمری ناجیدا). بەڵام وێڕای کەوتنی ئەو حکومەتە و لەسێدارەدانی ناجی، لۆکاچ بە سەلامەتی ڕزگاریبوو، پاش ئەوەی ماوەیەکی کورت نەفی کرا بۆ ڕۆمانیا گەڕایەوە بۆ پۆدابێست و دوای فەرمانڕەوایی (ژانۆس کادار) لە وڵاتەکەی خۆی نیشتەجێبوو، لەو دەمەی نووسینەکانی ڕووبەڕووی سانسۆرێکی فەرمی بوونەوە و ناچاربوو لە خۆرئاوا بڵاویانبکاتەوە. دوای ئەوەی ساڵی

1967 بۆ جارێکی دیکە ڕێگەی پێدرا بگەڕێتەوە ناو پارتی کۆمۆنیست، هەموو لایەک دەزانن کە لەناو شوراکاندا ناڕازی بوو بەرامبەر داگیرکردنی چیکۆسلۆڤاکیا و داگیرکردنی. لە مارسی ساڵی 1969دا و بە بۆنەی یادی 50 ساڵەی دامەزراندنی کۆماری شوراکان لە هەنگاریا، بە فەرمی مێداڵیای «ئاڵای سوور»ی پێبەخشرا و جارێکی دیکە ڕێگەی پێدرا بە شێوەیەکی ئاشکرا گوزارشت لە ڕا و بۆچوونەکانی بکات لە گفتوگۆ و چاوپێکەوتنەکانیدا لەگەڵ ژۆرنالیستە خۆرهەڵاتی و خۆرئاواییەکان.

هەوڵەکانی لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر لە کارەکانی لۆکاچ لەپاش سەرەتاکانی ئەم سەدەیەوە، لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەم و شۆڕشی ڕوسیای ساڵی 1917، گرنگییەکەی بە شێوەیەکی زیاتر دەرکەوت. حەقیقەتێکی گومانهەڵنەگرە کە هەردوو ڕووداوەکە، کۆتاییان بە مۆدێلێکی ژیانی باڵادەست و هاوکێشەی باوی هێزە باڵادەستەکانی ئەوکات هێنا. ئەوەی پێویستە دووبارە جەختی لێبکرێتەوە، دۆخە یەکلاکەرەوەکەی ئەڵمانیا و هەنگاریا-نەمسا بوو. دەبینین کە کۆمۆنیزم هەڵقوڵاوی شۆڕشی ڕوسی بوو، و سەرگەورە فاشیستەکانیش ساڵی 1914 لە فەرەنسا و ئیتاڵیا دەرکەوتن، بەڵام بەشداریی هزریی یەکلاکەرەوە لەسەر دەستی ئەو تیۆرستێنانە بوو کە لە ئەڵمانیا و شانشینی هەنگاریا-نەمسا نیشتەجێبوون، جگە لە چەندین دەوڵەتی دیکەش لە دوای ساڵی 1918ـەوە. هەربۆیە بەپێی ئەم ڕوانگەیە دەتوانین بڵێین ئەوەی لۆکاچ بۆ کۆمۆنیزمی کرد، هاوشێوە بوو لەگەڵ ئەوەی هاوسەردەمەکەی خۆی (ئۆزڤاڵد شپینگلەر) بۆ فاشیزم دەیکرد. دوای مەرگی لینین لە ساڵی 1924 ڕوسیا تەنها چەند بیرمەندێکی کەمی ڕەسەنی بەرهەمهێنا، کە هیچ کامیان خاوەن گرنگییەکەی زۆر گەورە و جیهانیی نەبوون. لێرەوە دۆزینەوە فکرییە تازەکانی لۆکاچ وردەوردە گرنگییەکی وەهایان بەدەستەدەهێنا کە پێشتر نەبینراوە. لەئەنجامیشدا، لەبەرئەوەی ئەوروپای ناوەڕاست لە بیستەکان و سییەکاندا گۆڕەپانی جەنگە ئایدۆلۆژی و سیاسییەکان بوو، ئیدی هەستە و بیرەکان زیاتر بڵاوبوونەوە و بازنەکانیش زیاتر فراوان بوون و دواتر (کارڵ کۆرش) مایەوە، کە دواتر لە ئینتەرناسیۆناڵی کۆمۆنیستی (کۆمێنترن) جیابووەوە، بەڵام هەر وەک مارکسیستێک مایەوە، مشتومڕی زیندووی ناو چوارچێوەی سۆسیالیزمی ئەڵمانیا، بە هەمان شێوە ڕەنگدانەوەی ئەم گفتوگۆیانە بوو لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکاندا، کە هەندێک لە توێژەرانی سەر بە پەیمانگای فرانفۆرک ئەمەیان ئەنجامدا، کە لە ناودارترینیان (ماکس هۆرکهایەر، تیۆدۆر ئادۆرنۆ و هێربەرت مارکۆزە) بوون.



**بڵاوبوونەوەی کتێبی مێژوو و هۆشیاریی چینایەتی (History and class Consciousness) لە ساڵی 1923دا، بووە مایەی ناکۆی و ململانێ لەنێوان لۆکاچ و [مارکسیزمی] ئەرتەدۆکسی سۆڤیەتیی تازەدەرکەوتوو**

كاره سەرەتاییەكانی لۆكاچ كاریگەرییەكی گەورەی لەسەر والتەر بێنیامین هەبوو لە سەردەمی كۆڤاری ڤایماردا، لەو دەمەی نووسینی هەندێكی دیك لە توێژەرانی بەزۆر كۆچپێكراو و تاراوگە نشینەكان، لە نموونەی (كۆڤینسال) دەنگدانەوەیەكی گەورەتری كاردانەوەكەی هەبوو.

پەیامە ماركسیستی-هیگڵییەكەی لۆكاچ گوازرایەوە بۆ فەرەنسا لەسەر دەستی ڕەخنەگری بەڕەچەڵەك ڕۆمانی (لوسیان گۆڵدمان)، كە چەندین لێكۆڵینەوەی



György Lukács

دەربارەی باسكاڵ و ڕاسین ئەنجامداوە، ئەم خامە كۆمەڵناسە فەڕەنسییە بەوە ناسراوە كە میتۆدی نوێ دەدۆزێتەوە بۆ چارسەركردنی كێشە ئەدەبییەكان.

لەبەرامبەردا لۆكاچ كاریگەریی نەبوو لەسەر نەوە تازەدەركەوتوە فەڕەنسییەكان، بەتایبەت لە ساڵانی دواییدا. لای ئەوان لۆكاچ كەسێكی تەقلیدی بوو، ئەوان بە شێوەیەكی گشتی كاریگەر و قووڵ پابەندبوون بە ئایدیا باو و باڵادەستەكانی كۆمەڵگەی سۆڤیەتی. بەڵام پەرەسەندنگەراكان (لە نموونەی كۆمۆنیستی نەمسایی (ئێرنست فیشەر)، خوازیاربوون لە هەوڵەكانیاندا بۆ دروستكردنی بونیادێكی ماركسیستی بە مەبەستی بەستنەوەی هونەر بە پرسە كۆمەڵایەتییەكانەوە. هەروەها لە بواری فەلسەفەدا نە ئەو بوونگەراییەی سارتەر بانگەشەی بۆدەكرد و نە كارەكانی لۆكاچ پاش ساڵی 1956 بوونە مایەی ئەوەی هەندێك لە ماركسیستە خۆرهەڵاتییەكان، لە نموونەی فەیلەسوفی پۆڵەندی (كۆلاكۆڤسكی) كە خۆیان لە داوی ئایدۆلۆژیای ستالینیزم ڕزگاربكەن. لەم بوارەدا ئاماژەدان بەم شتانە، بە چاوپۆشین لەوەی بۆ ئەخلاقناسێك گرنگە، ئامانج لێی دەرخستنی گرانیی جیاكردنەوەی فەلسەفەیە لە سیاسەت لە كارەكانی جۆرج لۆكاچدا. لە میانەی لێكۆڵینەوە لە بەرهەمە گەورەكانییەوە، پێكەوەگونجان و هاوتایی نێوان

پابەندبوونـە تیـۆری و پراکتیکییەکانـی لـۆکاچ دەردەکەوێـت. هەروەهـا دەتوانیـن لـە بیرکردنـەوەی لۆکاچدا پێش سـاڵی 1914 چەندیـن ڕەگـەزی گرنـگ لـە هـزری لۆکاچـدا ببینیـن، کـە وەک بیرمەندێکـی ئینتلیجێنسـای هەنگاریـی جولەکـە و لـە پاشخانە کۆمەڵایەتییەکـەی و بـە کەلەپـورە ڕۆحییەکـەی، بایەخـە هزرییەکانـی دەردەکـەون.

**بەشێك لە بەرهەمەکانی لۆکاچ**

1.ڕۆح و فۆرم (1911)
2.تیۆری ڕۆمان (1916)
3.دەروازەیـەک بـۆ ئیسـتاتیکای درامـای مۆدێـرن (1914)
4.پەیوەندیی نێـوان سـوبێکت و ئۆبێکـت لـە ئیسـتاتیکادا (1917)
5.تاکتیک و ئێتیک (1919)
6.دەربـارەی کێشـەکانی پەرلەمانتاریـزم (1920)
7.مێژوو و هۆشیاریی چینایەتی (1923)
8.لینین (1924)
9.بوخاریـن و تیـۆری ماتریالیزمـی مێژوویی (1925)
10.مۆسـیس هیـوس و کێشـەی دیالەکتیکی ئایدیالیستی (1926)
11.تێزەکانی بلوم (1928)
12.تیدێنسی یان پارتگەرایی؟
13.وتار یان وێناکردن؟ (1932)
14.دەربارەی قەیرانی ئەخلاق (1932)
15.ڕێگەی من بەرەو مارکس (1933)
16.ڕوانینـی ئەریستۆکراسـی و دیموکراسـی بـۆ جیهان (1946)
17.گۆتە و سەردەمەکەی (1947)
18.هیگڵی لاو (1948)
19.چەنـد وتارێـک دەربـارەی ڕیالیزم (1948)
20.مارکـس و ئەنگڵـس وەک دوو مێژوونـسـی ئـەدەب (1948)
21.ئیگزیستانسـیالیزم یـان مارکسـیزم (1948)
22.ڕیالیزمـی ڕووسـی لەنـاو ئەدەبیاتـی جیهانییـدا (1949)
23.مانای ڕیالیزمی هاوچەرخ (1949)
24.کێشەکانی ڕیالیزم
25.تۆماس مان (1949)
26.ڕیالیستە ئەڵمانییەکانی سەدەی نۆزدە
27.بەلزاک و ڕیالیزمی فەرەنسی (1952)
28.ئیستاتیکای هیگڵیی (1953)
29.تێکشکاندنی عەقڵ (1954)
30.کێشە ئیستاتیکییەکان
31.تایبەتمەندێتـی وەک کاتیگۆرییەکـی ئیستا تیکی
32.ڕۆمانی مێژوویی
33.سروشتی جۆریی ئیستاتیکا
34.دەربـارەی ئۆنتۆلۆژیـای بوونـی کۆمەلایەتـی
35.کار
36.هیگڵ
37.مارکس
38.سۆڵجنستاین
39.هونەر و کۆمەڵگە
40.ئەدەبیاتی جیهانی
41.ئەدەبیاتـی هەنـگاری و کولتـووری هەنـگاری
42.فەلسەفەی هونەر و ئیستاتیکا
43.پرسـی دیموکراسـی لـە ئێسـتا و داهاتـوودا
44.بەلشەڤیزم وەک پرسێکی ئەخلاقی
45.بنەما ئەخلاقییەکانی کۆمۆنیزم
46.ڕۆڵـی ئەخـلاق لـە بەرهەمهێنانـی کۆمۆنیسـتییدا
47.شارستانێتیی دێرین و شارستانێتیی نوێ
48.پارت و چین
49.ڕەخنەی خودیی
50.پارت و بزاڤی لاوان لە هەنگاریا
51.پێشـەکیی کتێبـی (مانگرتنـی جەمـاوەری- لـە نووسـینی ڕۆزا لۆ کسـمبۆ ر گ )
52.دەربارەی پرسی کاری کولتووری
53.پرسە ڕێکخراوەییەکانی ئینتەرناسیۆناڵی سێ

**سەرچاوە:**


علـم الجـمال عنـد لوكاتـش؛ د. رمضـان بسـطاويسي محمـد غانـم
جـورج لـوكاش، بقلـم: جـورج لختنهايـم، ترجمـة: ماهـر الكيـالي، يوسـف شـويري، الطبعـة الأولـى 1982